حسین یەزدانپەنا:

کێیە ئەو کەسەی تیر و تانە لە شۆڕشی کورد و سەروەریی سەرکردەکانی دەگرێ؟

«عیرفان قانعی فەرد» لە بەهاری ئەمسالەوە، زنجیرەیەک نووسین و دیمانەی لەسەر بزوتنەوەی کورد و کۆماری کوردستان و چوونی مەلا مستەفا و مێژەکانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشدارییان لە کۆماردا و پێوەندیی نێوان پێشەوا قازی محەمەد و بارزانی، بڵاوکردووەتەوە. دیمانەی گۆڤاری لڤین لەگەڵ ناویراو، دووایین بۆچوونەکانی ئەوی لەسەر ئەو کۆمەڵە بابەتە لە خۆ گرتووە.

بۆچوون و قسەکانی «قانعی فەرد» لەو نووسین و بڵاوکراوانەدا، سەرنجی خوێنەری کوردی لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان راکێشاوە. هەڵبەت نەک لەبەر زانستی بوون و تازەییەک کە لە هەڵوێست و بۆچوون و نووسراوەکانی ناویراودا هەبێ، بەڵکوو بەر لە هەر شتێ لەبەر ئەوەی کە لای خوێنەری کورد ئەو پرسیارە سەرەکییە دروست بووە کە داخوا ئەوە کێیە بەو جۆرە قۆڵی لە دژایەتی کردنی بزوتنەوەی کورد و سڕینەوەی سەروەرییە مێژوویییەکانی و شکاندنی کەسایەتی کاریزمایی سەرکردەکانی هەڵماڵیوە؟ دەتا هەر وەک «د. سادق زیبا کەلام» گوتوویەتی: «قانعی فەرد ئەلف و بێی مێژوو نازانێ و ئەگەر من مامۆستای مێژوو بام سیفرم بۆ دادەنا» (١).

ئەوەی قانعی فەرد لە نووسین و دیمانەکانیدا دەیهەوێ بیسەلمێنێ ئەوەیە کە: شتێ بەنێوی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بوونی نەبووە و نییە و ئەوەی هەبووە و هەیە دەسکردی ئیسرائیل و وڵاتانی دەورووبەرن، کورد مافی ئازادیی و سەروەریی سیاسیی نییە، سمکۆ پیاو کوژ و جەردە بووە، قازی محەمەد مەلایەکی ساویلکە و نەزان و داردەستی سۆڤیەت بووە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەڵەیەکی سیاسیی بووە، مەلا مستەفا بارزانی بە نۆرە پیاوی بریتانیا، سۆڤیەت و شای ئێران و ئیسرائیل بووە، شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشی نەتەوەیەک بۆ ئازادی نەبووە و فیتنەیەک بووە کە بە فیتی شا و دەزگای ساواکی ئێران هەڵگیرساوە، بارزانی و تاڵەبانی سەر بە ئیسرائیلن و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموویان کرێگرتەی رێژیمی سەدام بوون!

من لە نووسین و لێکدانەوەی سیاسیدا هەرگیز حەز لەوە ناکەم بڕۆمە نێو بابەتە شەخسییەکانی هیچ کەسێکەوە. بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەری کورد، باشتر لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەم «مێژوو نووسە لاوە هاوچەرخەی کوردستان» (٢). تێبگا، پێویستە سەرەتا تۆزێک ئەو بناسێ و بزانێ کێیە، رابردووی چییە و لە نێو چ سیستەمێکدا کار دەکا. بێیە بە پێویستم زانی بەر لەوەی لەسەر قسە و بوختان و بۆچوونەکانی ناویراو بدوێم، لەگەڵ خوێنەری بەڕێزدا، گەشتێک بەنێو جیهانی کار و پێوەندییەکانی «قانعی فەرد»دا بکەین.

دەیەی هەشتای زایینی، رۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕەپانی هێرشی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و هێزەکانی سوپای پاسداران بە تایبەتی، بوو. لەو هێرشانەدا هێزەکانی سوپای پاسداران بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئەو ئیمکانات و کەرەستە جەنگییانەی لەبەر دەستیاندا بوو لە دژی کورد و هێزەکانی پێشمەرگە لە کاردا بوون. ئەوان تەنانەت بەزەییان بە ژن و منداڵ و پیر و بەساڵاچووانیشدا نەدەهات و قەتڵوعامیان دەکردن و پۆل پۆل منداڵ و لاوی کوردیان راپێچی گرتووخانەکان و مەیدانەکانی ئێعدام دەکرد. لە لایەکی دیکەوە بەشی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران گەڵاڵەی تێرۆری رێبەرانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کێشا و زنجیرەیەک تێرۆری لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەبرد. تێرۆری د. عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دیموکرات، دەسپێکی زنجیرەیەک تێرۆری دیکە بوو کە زەبری قورسی لە بزوتنەوەی کورد و حیزبەکانی دا.

لە ماوەی ١٠ ساڵ هێرش و کوشتار و ئێعدام و بە کوشتدانی هەزاران پاسدار و مۆڵدانی سەدان هەزار پاسدار و ئەرتەشی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خەرجکردنی ملیاردها دۆلار لە شەڕی دژ بە کورد دا، کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانی سۆز و لاگیریی و پشتیوانی کورد لە ئێران بۆ کۆماری ئیسلامی دابین بکا و کوردستان هەروا قەڵای لە گیران نەهاتوو مایەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە دیوی عێراق، رووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ و راپەڕینی کورد لە باشوری کوردستان، کوردی لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی دا بردە قۆناخێکی دیکەوە کە لەگەڵ هەموو قۆناخەکانی رابردوودا جیاواز بوو. سەرکەوتنی راپەڕینی کورد لە باشوور و رزگاریی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی داگیرکەر پاش ٨٠ ساڵ و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دامەزراندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەو بەشەی کوردستان، ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گەیاندە قۆناخ و ئاستێکی بەرزتر و سەرلەبەری کوردستان کەوتە جموجۆڵ بۆ ئازادی و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسیی. بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیتر نە «قەرارگای حەمزەی سەیدولشوهەدا» دەیتوانی خۆزگە و هیوا و ئیرادەی کوردی رۆژهەڵات تێکشکێنێ و نە «قەرارگای رەمەزان» دەیتوانی کۆنترۆڵی کوردی ئازادبووی باشوور بکا و رێ لە بەرەوپێشچوون و گەیشتنی بە جیهانی ئازاد و بە رەسمی ناسینی لە لایان دەوڵەتە گەورەکان و کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوە نێونەتەوەییەکانەوە بگرێ.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بوو کە ئەو قوتابییە کوردانەی لە رێزەکانی بەسیجی سوپای پاسداران دا بوون و لە بەشی بەسیج و سوپا و ئیتلاعات، لە زانکۆکانی ئێران دەرفەتی خوێندنی بالایان بۆ دابین کرا بوو، بۆ بەر بەرەکانێ لەگەڵ کورد لە «گۆڕەپانی شەڕی نەرم» (٣) دا هێنرانە مەیدان. ئەوان لەسەریان بوو، لە رێگای قەڵەم و بە نووسین و مێتۆدی ئەکادیمیک، بەرەهەڵستی ناسیۆنالیزمی ئازادیبەخشی کورد بکەن. ئەوان دەبوو، رەسەنایەتی شۆرشەکانی کورد بەو جۆرە بەرنە ژێر پرسیارەوە، کەسایەتی سەرکردەکانی شۆرشەکان بە پشت بەستن بە «بەڵگە» و «داکیۆمێنت» بشکێنن، دەبوو بە نەوەی نوێ و داهاتووی کورد بڵێن، کورد هیچ نییە و تا هەیە مەحکومی عەجەم و سوغرە کێشی ئالی عوسمانییە!

بەکێک لەو کەسانەی لە رێزەکانی «بەسیجی قوتابیان»ەوە پێگەیشتوو و بە خوێندنی باڵاوە خەریک بوو «عیرفان قانعی فەرد» بوو. کاتێ کە پاش رووخانی رێژیمی شا، بزووتنەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی رێکخستبووەوە , بنەماڵەی عیرفان , لە شاری مەریوان کە یەکێک لە شارە پڕ جموجۆڵەکانی ئەوکات بوو، لە بەرەی کۆماری ئیسلامیدا و دژ بە پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوون. هەر بەو هۆیەشەوە ئەوان مەریوانیان جێهێشتبوو و لە هەمەدان گیرسابوونەوە. لەوە دەچێ دژایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و سەرکردەکانی کورد هەر لەو رۆژانەوە لە هەست و نەستی عیرفان دا، چەکەرەی کردبێ و بووبێتە ئەو گرێیەی ئەمڕۆ هەر کات پێویست بکا، پێی دەکەنەوە! عیرفان و بنەماڵەکەی دواتر لە سنە گیرسانەوە و تا رۆیشتنی بۆ تاران لە هەموو قۆناخەکانی خوێندنیدا، ئەندامێکی بەسیجی قوتابیانی سوپای پاسداران بووە. ئەو لە هەموو رێوەسمەکانی «بەسیج» و «سوپا»دا بەشدار بوو. لە هێندێک لەو کێوبوونەوە و مەراسمانەدا، بە وتاری ئەدەبی یان سیاسیی بەشداریی دەکرد. ئەو لەو رۆژەوە کە فامی کردەوە لەگەڵ فەرماندەکانی بەسیج و سوپا و ئیتلاعات و معاونەتی سیاسیی و ئەمنیەتی ئوستانداری ئاشنا بوو و لە هاموشۆدا بوو.

قانعی فەرد، لە قۆناخی زانکۆدا ئاستی پێوەندییەکانی هەڵکشا. ئەو لە تاران لەگەڵ «ئەمیری»، یەکێک لە بەرپرسانی کەیسی کورد لە وەزارەتی ئیتلاعات ئاشنا دەبێ. لەو کاتەوە جموجۆڵ و چالاکییەکانی بە شێوەی رێکوپێک لە چوارچێوەی «معاونەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی« رێک دەخرێ. هەر لەو سەردەمەدا، ئەو معاونەتە , گۆڤاری «چشم انداز ایران» (ئاسۆی ئێران) بۆ لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیکی بۆ عیرفان و ژمارەیەکی وەک ئەو وەڕێ دەخا.

ئەرکی عیرفان دیاریکراو دەبێ. ئەو دەبێ بە پشت بەستن بەو زانیاریی و بەڵگانەی لەو معاونەتەی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەخرێتە بەر دەستی، مێژووی کورد بشێوێنێ، شۆڕش و راپەڕینەکانی لە نێوەڕۆکی ئازادیخوازانە و ئینسانی خاڵی بکا، بێگانە و بەرژەوەندیی دەوڵەتانی بێگانە بە هاندەر و بزوێنەری خەباتی کورد دابنێ، کەسایەتی سەرکردەکانی بشکێنێ و بە داردەست و پیاو و کرێگرتەی بێگانەیان بناسێنێ؛ بۆ ئەوەی نەوەی نوێی کورد توشی دووری پەرێزی و راکردن لە خۆ ناسین و خۆ دوور گرتن لە تێکۆشانی ئازادیخوازانە بکا.

«ئەمیری» و معاونەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی وەزارەتی ئیتلاعات، دەست و باڵی قانعی فەرد خۆ باوەڵە دەکەن بۆ دیتنی هەر کەسێ کە لەو بارەوە پێویست بێ. بەڵام لە سەرەتای کاردا، بە نەخشەیەکی وردی ئیتلاعاتیانە، دەبوو قانعی فەرد خۆ بگەیەنێتە سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە عێراق و لە باشووری کوردستان؛ وەک مێژوونووس دەرکەوێ و وێنەی یادگارییان لەگەڵدا بگرێ. هەروەها دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی هێزە کوردستانییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکا. قانعی فەرد بۆ ئەوەی ئامانجەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بپێکن، دەبوو خۆی وەک کوردێکی هۆگری مێژوو و ئەدەبیاتی کورد و دوور لە سیاسەت و حیزبایەتی دەربخا. بەو کارەی لە لایەک توانی دەستی بگاتە ژمارەیەکی دیار لە سەرکردە و کەسایەتییە کوردستانییەکان و لە لایەکی دیکەوە، ئارشیوێکی لە دیمانە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە پێکەوە ناوە کە بە بڵاو بوونەوەی هەر کامیان، سەرنجی خوێنەری کورد رادەکێشێ. هاوکات دواندنی سەرکردە سیاسییەکانی کورد و گرتنی وێنەی یادگار لەگەڵیان و تۆمارکردنی دەنگ و وتەکانیان، هەر لە جێدا بۆ وەزارەتی ئیتلاعات و باقی دام و دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران بایەخی خۆیان هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دوە کارەکەی قانعی فەرد، سەرنجی سپای پاسدارانیشی راکێشا. کورد بوونی قانعی فەرد لەگەڵ توانای باشی بۆ نووسین و دەربڕین و شێواندنی راستییەکان و دەسراگەیشتنی بە کەسایەتییەکانی کورد و ناوەڕۆکی نووسراوەکان و بۆچوونەکانی، لەو هۆکارانە بوون کە «معاونەتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران» و «قەرارگای رەمەزان» سەرنجیان چووە سەر عیرفان قانعی فەرد. لەو کاتەوە تا ئێستا عیرفان قانعی فەرد، تەنیا بۆ وەزارەتی ئیتلاعات کار ناکا. ئەو هاوکات داشی «رێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران»ە. قانعی فەرد لەم دەورەیەدا، چەند جارێک چاوی بە «غولام حسین رەمەزانی» بەرپرسی معاونەتی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەکەوێ و رەمەزانی رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی معاونەتی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی پێ رادەگەیەنێ.

رووداوەکانی ساڵی رابردووی پێش و پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران، پێوەندی و ئەرکەکانی عیرفان قانعی فەردی تووشی هێندێک گۆڕانکاری کرد. سەفەری پڕ خەرجی خامنەیی بۆ کوردستان بەر لە هەڵبژاردن و دەوری کورد لەو هەڵبژاردنەدا و ئەو رێوشێوێنە تازانەی کە وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و مێژەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان گرتیانە بەر، گرینگی و لە عەینی کاتدا نیگەرانی تارانی لە «کوردستان» دەردەخست. هەر لەو کاتەشدا پەرەسەندنە سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسییەکانی باشووری کوردستان نیگەرانییەکانی ئێران زیاتر دەکا. تاران لە هەر دوو دیو، بە هەر دوو شێوەی «نەرم» و «ڕەق» حەولی لێدان و راگرتنی کاروانی بەرەوپێشچوونی کوردایەتی دەدا. لە تاران رۆڵەی کورد لە سێدارە دەدرێ، لە باشوور خاک و گوندی کورد بەر رەمێڵەی تۆپەکانی کۆماری ئیسلامی دەدرێ و خەڵک دەکوژرێن و ژن و منداڵ ئاوارە دەبن. هاوکات بە مێتۆدی «نەرم» و بە قەڵەمی قانعی فەرد، سیرەی تێرۆر لە مێژووی کورد و سەروەریی سەرکردەکانی دەگیرێ!

ساڵی رابردوو «قانعی فەرد» لە رێزی پێشەوەی ئەو کەسانەدا بوو کە «حوسێنی تائیب» سەرۆکی رێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران چاوی پێیان کەوت. تائیب ئەو کاتەی لە معاونەتی وەزارەتی ئیتلاعات دا بوو، قانعی فەردی دەناسی. بەڵام ئەو کات «قانعی فەرد» هێشتا نەپشکوتبوو.

«حوسێنی تائیب» لە رێزی دام و دەزگا ئەمنییەکانی ئێراندا بەوە ناسراوە کە شارەزایی و پسپۆڕییەکی بەرچاوی لە هەموو جۆرەکانی «شەڕی نەرم»دا هەیە.

پاش ئەوەی «حوسێنی تائیب» لە رەزبەری ساڵی رابردوو دا، کرایە سەرۆکی رێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، پێداچوونەوە بە جۆری دژایەتی کردنی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی و ئەوانەی لە پشت ئەوەوەن کاتێ زیاتر دەردەکەوێ کە لە پێناو دژایەتی کردنی کورد و حەولدان بۆ شکاندنی هەبیەتی سەرکردەکانی پەنا دەباتە بەر ساواک و ساواکییەکی وەک «عیسی پژمان»!

بەڕاستی ئەوە جگە لە گەورەیی کورد و سەروەریی سەرکردەکانی و داماوی دوژمنان و ناحەزانی چی دەگەیەنێ کە دوو سیخوڕی دوو رێژیمی دژ بە یەک هەردووک پێکەوە هاودەنگ دەبن بە دژی خەبات و سەروەریی سەرکردەکانی کورد؟

عیرفان قانعی فەرد لە کاتێکدا دەست و باڵی ئاوااڵەیە بۆ خۆ پێداکردن بە هەموو دام و دەزگایەکی ئاشکرا و نهێنیی دەوڵەتیی ئێران و سەفەری وڵاتان و دیدار لەگەڵ هەر کەسێک کە پێی خۆش بێ و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە رۆژنامە و ماڵپەڕە فەرمییەکانی ئێراندا کە لەو وڵاتەدا سەدان و بگرە هەزاران خوێندەوار و رووناکبیری خاوەن قەڵەمی کورد رێگای نووسین و لێکۆڵینەوەیان لێگیراوە، ناتوانن سەفەرێکی ئاسایی بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بکەن و تووشی کێشە نەبن و توانای مادەی ئەوەیان نییە بستێک لە سنوورەکانی ئێران دوور کەونەوە.

بەڵێ؛ ئەمەیە ئەو کەسەی لە ژێر ناوی «مێژوو نووس» و «تویژەری هاوچەرخ»دا تیر و تانە لە شۆڕشی کورد و سەروەریی سەرکردەکانی دەگرێ.!

١- رۆژی ٢٠١٠/٥/٣١ لە بینای کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران عیرفان قانعی فەرد کۆبوونەوەیەکی بۆ باس لە کتێبی «پاش ٦٠ ساڵ» رێکخستبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کە تەنیا ١٨ کەس بەشدار ببوون، د. سادقی زیبا کەلام بەو جۆرە لە رووداو لەسەر قانعی فەرد دواپوو.

٢- یەکەم نیشان و نازناوە دەزگاکانی راگەیاندنی ئێران بە قانعی فەردی دەبەخشن.

٣ - ئەم دەستەواژەیە لە لایان کاریەدەستانی سەریازی و ئەمنی ئێران بەکار دەبردرێ کە مەبەست لە چالاکیی فیکری و راگەیاندن و نووسین و هونەری و دەنگ و رەنگییەکانە.

* ئەم وتارە لە ژمارە ١٣٥ گۆڤاری «لڤین» بڵاوکراوەتەوە.